# چاوخشانێکی خێرا به قسه و باسه‌کانی به‌ره‌ی کوردستانیدا

شه‌ماڵ پیران



بانگه‌واز بۆ پێکهێنانی به‌ره‌ی کوردستانی و دیاری کردنی چوارچێوه‌یه‌ك بۆ یه‌کێتی و هاوکاری نێوان ئۆپۆزسیونی کوردستانی رۆژهه‌ڵات وه‌ك نوێنه‌رانی گه‌له‌که‌مان له‌و به‌شه‌ی نیشتمان، ویست و باس و خواسی ئه‌مرۆمان نه‌بووه و نیه. به‌ڵکوو زۆر له مێژه ئه‌و ئه‌رکه نه‌ته‌وه‌ییه جاروبار به لاوازی و ماوه‌ماوه‌ش به چڕ و پڕی له‌ملاوله‌ولا باسی لێکراوه. به‌ڵام هه‌ر له مێژووی سه‌رهه‌ڵدانیه‌وه ئێستاشی له گه‌ڵدا بێ، له چوارچێوه‌ی هه‌نگاوه تیئۆرییه‌کان ده‌رنه‌چووه و ته‌نانه‌ت هیچ کاتێك به جیددی و به ره‌سمی کۆڕ و کۆبوونه‌وه‌ی له سه‌ر نه‌گیراوه و لانی که‌می بنه‌ماکانی پێکهاته‌ی ئه‌و هاوبه‌ندییه نه‌چووه‌ته خانه‌ی کرده‌وه‌وه و هه‌نگاوی دڵسۆزانه و به‌رپرسانه‌ی بۆ نه‌هاویشتراوه.

دوابه‌دوای رووخانی حکومه‌تی به‌عس و بوونی زلهێزه‌کانی جیهان له ناوچه‌که‌دا کوردیش وه‌ك گه‌لێکی چه‌وساوه و ژێر ده‌سته و وه‌ك لایه‌نێکی هاوکێشه‌که راست له چه‌قی ئه‌و پانتاییه جوغرافیه دایه که ئاڵ وگۆڕی بنه‌ره‌تی‌تێدا کراوه. بۆیه پێویسته بیر له مکانیزمێك بکه‌ینه‌وه که کاریگه‌ری به هێزی له پاراستنی به‌رژه‌وندییه‌کانمان و چاره‌نووسی گه‌له‌که‌ماندا هه‌بێ. وه‌ك ده‌سپێك و ئه‌رکی هه‌ره سه‌ره‌کی هه‌موو کوردێکی دڵسۆز و خه‌مخۆری نیشتمان، ده‌بێ بیر له پێکهێنانی به‌ره‌یه‌کی یه‌کگرتووی کوردستانی بکه‌ینه‌وه که تیایدا سه‌رجه‌م هێز و لایه‌نه سیاسییه‌کان و چین و توێژه‌کانی کۆمه‌ڵی کورده‌واری به‌شدار بێ و له‌م رێگایه‌وه ئه‌رکه‌کان دیاری بکرێن و به‌رژه‌وه‌ندییه نه‌ته‌وه‌ییه‌کان پارێزراو بن.

ماوه‌یه‌که باس له‌و پرۆژه‌یه له لایه‌ن هێزه سیاسییه‌کانی کوردستانی رۆژهه‌ڵات و ژماره‌یه‌کی به‌رچاو له که‌سایه‌تییه سیاسی و روشنبیری و هونه‌رییه‌کان، له ناوخۆ و ده‌ره‌وه‌ی وڵات وروژاوه و گه‌یشتووه‌ته لوتکه و هه‌رکه‌س و هێز و لایه‌نێك به جۆرێك بیر و بۆچوون و رای خۆی له مه‌ڕ پرسی به‌ره‌ی کوردستانی ده‌ربڕیوه. هه‌ر له جێدا ئه‌وه هه‌نگاوێکی گرینگه و مژده‌یه‌کی هیوابه‌خشه و جێگه‌ی خوشحاڵی و ئومێدی گه‌له‌که‌مانه. به‌ڵام به داخه‌وه له گه‌رمه‌ی ئه‌و باسانه‌دا که‌سانێك که بیر و هه‌ست و هۆشیان ته‌نیا له قاڵبی به‌رژه‌وندییه کاتییه‌کانیان سووڕ ده‌خواته‌وه، هه‌ر له سه‌رتای کاردا خه‌ریکن کۆسپ و له‌مپه‌ر له به‌رده‌م پێکهێنانی به‌ره‌ی کوردستانی درووست ده‌که‌ن. ئه‌وه‌ی جێی تێڕامان و وردبوونه‌وه‌یه، ئه‌و که‌سانه بۆ راکێشانی رای گشتی و خۆناساندنیان به دڵسۆزی و لێهاتوویی، وادیاره زۆر به په‌رۆش و عه‌وداڵی پێکهاتنی ئه‌و به‌ره‌یه‌ن و خوازیاری ئه‌وه‌ن هه‌موو خوازیارانی به‌ره‌ی کوردستانی هێڵێکی هاوبه‌ش له پێناو هێنانه‌دی ئامانجه‌کانی نه‌ته‌وه‌که‌مان بگرنه‌به‌ر. به‌ڵام کاتێ که باس له چۆنیه‌تی ئه‌و پێکهاته‌یه به شێوه‌ی دیاریکراو ده‌که‌ن، به بێ رچاو کردنی پرێنسیپه ئه‌خلاقی و سیاسییه‌کان و به پێشێل کردنی بنه‌ماکانی دێموکراتیه‌ت، ته‌نیا خۆیان به نوێنه‌ری راسته‌قینه‌ی خه‌ڵکی کوردستان ده‌زانن و پێیان وایه هه‌ر ئه‌وان ده‌بێ بریارده‌ر و "کۆڵه‌که"ی پێکهاته‌ی ئه‌و به‌ره‌یه بن و ته‌نانه‌ت به ئاشکرا مافی کۆمه‌ڵێك له تێکۆشه‌رانی گه‌له‌که‌مان پێشێل ده‌که‌ن و ده‌م له‌وه ده‌ده‌ن گوایه ئه‌وان یه‌که‌م که‌س و لایه‌ن بوون که چه‌مکی به‌ره و بیرۆکه‌ی یه‌کگرتنیان هێنایه گۆڕێ.

لێره‌دا حه‌ز ده‌که‌م بۆ مێژووش ئه‌وه بڵێم له راستیدا نازانم یه‌که‌م که‌س و لایه‌ن کێ بووه که له مێژووی کورد له کوردستانی رۆژهه‌ڵاتدا باسی له به‌ره‌ی کوردستانی کردووه. به‌ڵام یه‌کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان له گه‌ڵ له دایك بوونی له ساڵی 1991دا له یه‌که‌م به‌یاننامه‌ی دامه‌زرانیدا باسی له پێویستی پێکهێنانی به‌ره‌ی کوردستانی کردووه و هه‌ر له‌و کاته‌وه تا ئێستا بانگه‌واز بۆ وه‌ها پرسێکی گرینگ بووه‌ته به‌شێکی سه‌ره‌کی و به‌رچاو له خه‌باتی سیاسی **RUK** و به‌رده‌وام به درێژایی ته‌مه‌نی له 12 ساڵی رابردوودا له زۆربه‌ی نووسراوه‌کان و کۆڕ و کۆبوونه‌وه‌کانیدا گرینگییه‌کی تایبه‌تی پێداوه و به‌ڵگه‌ش بۆ سه‌لماندنی ئه‌م ئیدیعایه زۆره و له گۆڕێدان.

هه‌ر یه‌کێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوو له سه‌ره‌تای مانگی رێبه‌ندانی ساڵێ رابردوودا کاتێك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران له پلینۆمی هه‌شته‌میدا باسی له لێك نزیك بوونه‌وه و هاوکاری نێوان هێزه سیاسییه‌کان کرد، به گه‌رمی پێشوازی له‌و

هەنگاوە کرد و بە رەسمی موافقەت وپشتگیری خۆی دەربڕی و رایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەك ئامادەیە هاوکاری هەر هێز و لایەنێك بکا کە بە جیددی لە حەولی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دایە.

سەرەڕای هەموو ئەو هەنگاو و رۆڵە بەرچاوانەی RUK لەو بووارەدا بوویەتی و بە بێ لە بەرچاو گرتنی بانگەوازی بێوچانی بۆ یەکخستنی ریزەکانی کورد و بە بێ گوێدان بە مێژووی خەبات و حەول و تەقالای بێ پسانەوەی RUK لە دژوارترین هەل و مەرجی رۆژەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی رۆژهەلاّت لە 12 ساڵی رابردوودا و بە بی٘هەست کردن بە نەخشە و پیلانە چەپەڵەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە هەستیارەدا، کەسانێك کە بەردی هەوڵدان بۆ بەرەی کوردستانی بۆ بەرەی کوردستانی لە سینگ دەکوتن، دەیانەوێ بە ئاشکرا ئارەقە و تێکۆشان و خوێنی کومەڵێکی بە واتای راستەقینەی وشە شۆڕشگێڕ کە خاوەن پرستیژی شۆڕشگێڕانەن لەبەر چاو نەگرن؛ ئەمە لە حالێکدایە رێبەری RUK بە رەسمی رایگەیاند: "ئێمە ئەو دۆستانە دڵنیا دەکەینەوە کە RUKهێزێکی نەتەوەییە و هیچ ئامانجێکی بێجگەلە رزگاری کوردو بەرقەراری ئاشتی و ئازادی و یەکسانی لە کوردستاندا نیە، بە هەناسەی تەبایی و هاوکاری لە گەل٘هێزە کوردستانییەکان پێی نایە گۆڕەپانی خەباتەوە و خۆی بە جێگرەوەی هیچ لایەنێك دانەناوە و زۆر لە مێژیشە بەلێنمان داوە لە خەبات و بەرەنگاریدا لە ریزی پێشەوە ڕاوەستین و لە دابەشکردنی دەسکەوت و کورسی و دەسەلاّتیشدا ئاخرین کەس بین ". دیارە بە خۆشییەوە ئەو جۆرە هەڵسو کەوت و بۆچوونانە کە دەیانویست خۆ لە قورسایی سیاسی RUK گێل بکەن و کوردستان لە گەلٚ ئەزموونێکی تاڵی دیکە رووبەڕوو بکەنەوە و بناغەی دوو جەمسەری کردنی کوردستان دامەزرێنن، زۆر زوو لە لایەن ژمارەیەکی بەر چاو لە دڵسۆزانی گەلەکەمانەوە بە توندی بەر پەرچ درایەوە و وەڵامی خۆیان وەرگرتەوە.

شایانی سەرنجە بەڕێز حسەین یەزدانپەنا سکرتێری گشتی R. U. K زۆر زوو هەستی بە مەترسی حەولدان بۆ دوو جەمسەری کردنی کوردستان کرد و یەکەم کەس بوو کە چەمکی دووجەمسەری هێنایە گۆڕێ و رایگەیاند :"ئێمە جیا لەوەی هیچ جۆرە پشتگیری و یارمەتیەك بە وەها بیرۆکەیەك ناکەین بەڵکوو سەرجەم هەوڵەکانمان دەخەینە گەڕ بۆ لە باربردنی ئەو جۆرە هەڵویست و بۆ چوونانە کە دەیانەوێ کوردستانی رۆژهەلاّت جارێکی تر ببێتە گۆڕەپانی شەڕی براکوژی و مێژووی کوردستانی باشووری لە سەر دووپات بێتەوە. "

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو بەرێزانەی خوازیاری بەرەی کوردستانین و ناوی هێزێکی سیاسی وەك R. U. K ناهێنن دەبێ چۆن لە بەرە گەیشتبێتن؟ باشە کاتێك خۆ لە وەزن و قورسایی سیاسی و خەباتی 12 ساڵەی هێزێکی نەتەوەیی گێل دەکەن و بە ئەنقەست حەولی وەلانانی دەدەن ئیتر ئەمە چ خاوەن عەقل٘و مەنتقێکی سیاسییە دڵنیایە سبەی رۆژ ئەوانە مافی تاکە کەس کە بە بەراورد لە گەل٘هێزێکی سیاسی هیچ پێگە و دەسەلاّتێکی ئەوتۆی نیە دەپارێزن. باشە کاتێك مافەکانی لایەنێکی سیاسی نەپارێزن ماڤ تاکە کەسی بێدەرەتان چۆن دەستەبەر دەکا؟ لە حالێکدا بەردەوام باس لە مافی مرۆڤ کۆمەلگای مەدەنی و و دیموکراسی خوازی دەکەن. ئەدی ئەم بەرەیە کێن و بۆ چ کەسانێکە کە ناوی بەرەی کوردستانیشی لێنراوە!؟ هەڵویست و بۆچوونی لەو شێوەیە کە بە تەواوی دژایەتی لە گەلٚ بنەماکانی دێموکراتیەتدا هەیە، دەبێ لە لایەن قەڵەم بە دەستان و دڵسۆزانی گەلەکەمانەوە بە توندی مەحکوم بکرێ و بکەوێتە بەر رەخنە و لە رێگای سیاسی و دێموکراتییەوە پێشگیری لە هەر جۆرە گەشە و نەشەی هەڵویست و هەنگاوی لەو چەشنە بگیرێ.

بە دڵنیاییەوە هەموو لایەك دەزانن هاوکات لە گەل٘حەولدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی لە کوردستانی رۆژهەلاّت، کۆماری ئیسلامی کە شکستی لە پیلاندوورییەکانی سەبارەت بە وتووویژ لە گەل٘ئۆپۆزسیونی کوردستانی رۆژهەلاّت بە بیانووی چارەسەری کێشەی کوردەوە هێنا، ئەم بارودۆخەی ئێستای قۆزتووەتەوە و بە هەلی دەزانێ بە شێوەی ناراستەوخۆ بە ناوهێنان و بەرجەستە کردنی دوو هێزی سیاسی ناهاوسەنگ و وەلانانی بەشێك لە خەباتگێڕانی گەلەکەمان لە حەولدایە دووبەرەکی و ناتەبایی و نێوان ناخۆشی لە نێو ئەو بزووتنەوانەدا بە نەخشە و گەلاّڵەی دوو جەمسەری کردنی کوردستان، بنێتەوە و لە خاڵی دڵخوازی بدا.

بێگومان حەولدان بۆ دوو جەمسەری کردنی کوردستان لە لایەن هەر کەس و لاینێکەوە کارەساتی لە دوایە و حەولدانە بۆ هەڵگێرسانەوەی شەڕێکی خوێناوی دیکەی براکوژی و لە خوێن گەوزاندنی رۆڵەکانمان بەدەستی یەکتر و زەمینە خۆش دەکا بۆ

www.kurdistannet.org

دامەزراندنی حوکمڕانی دیکتاتۆری و دەسەلآتی پاوانخوازی. حەولدانە بۆ شاردنەوەی کارنامە رەشەکان و هەلآتنە لە راستییەکان. ئەرکی هەموو دلسۆزان و خەباتگێڕانی گەلەکەمانە لە وەها بارودۆخێکدا جگە لە حەولدان و بیرکردنەوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بە بەشداری سەرجەم خوازیارانی بەرەی کوردستانی بە گشت چین و توویژەکانی کومەلگەی کوردەوارییەوە وەك تاقە رێگای یەکگرتن و سەرکەوتن ئەوەیە، بیر لە هیچ جۆرە هەلسەنگاندن و لێکدانەوە و سەنگ و سووك کردنی ئەم و ئەو نەکەینەوە و هەرچی زووتر هەنگاوی بە کردەوە و جیددی بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکیەکگرتووی کوردستانی بهاوێژن و هەلویستی لێبڕاوانەش بەرامبەر بەو کەسانە بگرین کە بە نیازن چارەنووسی گەلەکەمان بە دوو جەمسەری کردنی کوردستان بەرەو نەمان و هەلدێران بەرن.

با قەزاوەت و لێپرسینەوە لە سەر کارنامە و کار و کردەوەی هەر کەس و هێز لایەنێکیش بمێنێتەوە بۆ کاتی خۆی. لەم بارودۆخەدا هەر جۆرە چەواشەکاری و لادانێك لەو ئامانجە دیاری کراوە کە پێکهێنانی بەرەی کوردستانییە پەشیمانی و شکستی بۆ گەلەکەمان بە دوادا دێ.

2003/7/24

**Shemal_p@hotmail. com**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت